دیمانە: کارزان کانی

## محەمەد عەبدولعەزیز ڕاهێنەری تایکواندۆی یانەی بروسک:

# بەهۆی ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی ئاستی تایکواندۆ بەرەودواوە ڕۆیشتووەێ

*** ئاستی یاری تایکواندۆ چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-یاری تایکواندۆ زۆر بەرەو دواوە ڕۆیشـــتووە، جاران زۆر باشـــتر بوو لەئێســـتا، چونکە پێشتر چەندین یاریزانی ئاست بەرزمان لەم یارییە هەبوو، ئێستا واخەریکە بەرەو نەمان دەچێت.

*** بۆچی یاری تایکواندۆ ڕۆژ بەڕۆژ لەکورتی دەدات و بەرەو نەمان دەچێت؟**

-ڕاســـتە ئەم یارییە زۆر بەرەو دواوە چووە، یاریزانـــی ئێمە زۆر ماندوون ناتوانن ئاستی خۆیان تاقی بکەنەوە بەهۆی نەبوونی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆیان.

*** بۆچی لەشاری هەولێر ئاستی ئەم یارییە وەکو پێویست نییە، بگرە وا خەریکە ناویشی نەمێنێ؟**

-هۆکارەکـــەی دەگەڕێتەوە بۆکەمەتەرخەمی و جیـــاوازی کە لەنێوان یارییەکان، گرنگی بەیارییەك دەدرێت یەکێکی تریش پشتگوێ دەخرێت، ئەوەش کاریگەری سەرەکی خۆی هەیە.

*** کێشەو گرفتی ئەم یارییە لەچی دەبینی؟**

-کێشـــەی زۆرمان هەیە لەم یارییە، وایان لەیاری بەرگری کردووە کە بەچاوێکی سووك سەیری ئەم یارییە بکرێ لەناو کۆمەڵگەی ئێمە، سەرەڕای نەبوونی هۆڵی تایبەت و چەندین کێشەی تر.

*** بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشـــە بۆگەشـــەکردنی ئەم یارییە لەشـــارەکانی کوردستان؟**

-کەسی شـــیاویان دانەناوە وەکو پێویســـت، بۆئەوەی بەیەك چاو سەیری هەموو یارییە تاکەکان بکات، هەرکەســـەو خاوەنی بڕوانامەی باوەڕپێکراو نییە و هۆڵی تایکوانـــدۆی داناوە بەگوێرەی تەمەنیش گونجاو نییە، هەوڵیش بدرێ کارەکانی ئـــەم یارییە بەرنامەیەکـــی تایبەت و توکمەی بۆدابنـــرێ و زیاتر خزمەتی ئەو یارییە بکرێت بۆئەوەی گەشـــەکردنی زیاتـــر بەخۆیەوە ببینێ و پاڵەوانێتی زیاتر بۆیاریزانان بکرێتەوە.

*** باشترین ئەنجامەکانت چین؟**

-تا ئێستا لەکوردستان زۆرترین پشتێن ڕەشم پێگەیاندوە، چەندین یاریزانمان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

*** بۆچی هەوڵ نادەن، هۆڵێکی تایبەت بەخۆتان هەبێت بۆیاری تایکواندۆ؟**

- بوونـــی هۆڵێکی تایبەت بەیـــاری تایکواندۆ بۆئێمە یەکجار پێویســـتە، ئێمە هەرکاتێ پاڵەوانێتیمان هەبێت، دەبێت بچین بەپارەیەکی زۆر هۆڵ بەکـــرێ بگرین، بەڵام بەدەستی ئێمە نییە هۆڵی تایبەتمان هەبێت.

*** لەهۆڵی یانەی بروسك هیچ یاریزانێکی ئافرەتتان هەیە لەیاری تایکواندۆ؟**

-بەڵی لەپشووی هاوین یاریزانە ئافرەتەکانمان دێنە مەشەق کردن، ژمارەیان بیست یاریزانی ئافرەتە.

*** بۆچی کچان کەم گرنگی بەیاری تایکواندۆ دەدەن؟**

-ئافرەتانـــی خۆمان گرنگی زۆر بەیـــاری تایکواندۆ دەدەن، بـــەڵام هەندێـــك هۆکار هەیـــە وایکردووە لەگۆمەڵگـــەی ئێمە ئافرەت ئەم یارییە بەکەمی ئەنجام بدەن.

*** هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە؟**

-بەهیوای ئەوەم گەنجانـــی ئێمە ڕوو بکەنە ئەم یارییە، چونکە ئەم یارییە زۆر پێویســـتە بۆ مرۆڤ تاوەکـــو بتوانێ لەخۆی بەرگـــری بکات، پێویستیشە بەرپرسانی ئێمە کەمێك گۆڕانکاری بکەن لەوەرزش.

*** بەرنامەت چییە بۆداهاتووی ئەم یارییە؟**

-لەبەرنامەمـــان دایە بەشـــداری پاڵەوانێتـــی فەجر بکەین لەوڵاتـــی ئێران کە پاڵەوانێتیەکی جیهانییە و بەشـــێوەیەکی باش خۆمـــان بۆئەم پاڵەوانێتیە گەورەیە ئامادەبکەین.

*** لەئێستادا ژمارەی ڕاهێنەرانی تایکواندۆ لەزیاد بووندان هۆکاری چیە؟**

-بەڵێ ئەوە زۆربوونە ڕاستە، ڕاهێنەرانی بەتوانا خۆیان دوورخستۆتەوە، ڕاهێنەرانی نەزان زۆربوونە بەداخەوە.

*** جاران گرنگی زۆر بەیاریزانانی بەچکەشـــێران دەدرا لەم یارییە، ئێستا لە چ ئاستێکن؟**

-زۆر خەم دەخۆم بۆ بەچکە شـــێرانی کوردســـتان، جاران بەچکەشێرانی یانەی بروســـك لەسەر ئاستی عێراق هەموو ســـاڵێك پلەی یەکەمیان دەهێنا،بەڵام ئێستا هەر هەموو یاریزانەکان دوور کەوتوونەتەوە لەم یارییە، لەبەر هەندێ هۆکار، وەکو کەســـێك نەبوو دەستیان بەسەریان دابهێنێ و هانیان بدات، چەند ساڵە پاڵەوانێتیان بۆنەکراوەتـــەوە، کاتی خۆی یەکەم دەبوون میدالیای یاری تۆپی پێیان بۆدەهێنان بەبێ بڕوانامە.

*** ڕات چییە بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن؟**

-زۆر گلەیم هەیە لێیان، کە ســـەیری ڕۆژنامەکانی کوردســـتان دەکەم، لەبواری وەرزش تەنیا یاری تۆپی پێ دەبینین.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتایی؟**

-ســـوپاس بۆگۆڤاری گوڵان، هیوادارم دڵمان لەسەر یاری تایکواندۆ ڕەش نەکەن و بەرپرسانی وەرزشی کەمێ بایەخی پێ بدەن.

**محەمەد عەبدولعەزیز**

**یەکێکە لەڕاهێنەرە بەتواناکانی شاری هەولێر و ماوەی ٢١ساڵە دەستی بەیاری تایکواندۆ کردووە، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی شاری هەولێر و عێراق، ماوەیەکی زۆرە خزمەتی یاری تایکواندۆ دەکات لەشاری هەولێر وەکو یاریزان و ڕاهێنەر، چەندین یاریزانی بەتوانای دروستکردووە بۆ شاری هەولێر کە لەپاڵەوانێتیەکان بەشداری پێدەکەن، ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ یانەی بروسك بەردەوامە وەکو ڕاهێنەری تایکواندۆ، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



# لەپاڵەوانێتی هێزی لەشی ئاسیا
# یاریزانێکی کورد و سێ میدالیای زێڕ



لەوڵاتی هیندستان بۆماوەی یەك هەفتە پاڵەوانێتی هێزی لەشی وڵاتانی ئاسیا بە بەشداری ١٤وڵات بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیەشدا کە لەهەرسێ ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان بوو، هەڵبژاردەی عێراقیش بەژمارەیەك لەیاریزانان بەشداربوو، توانی ٤٨ میدالیای جۆراو جۆر بەدەستبهێنێت، لەناو یاریزانانیش سێ یاریزانی کورد توانیان ئاستێکی شایستە بەدەستبهێنن، ئەمەش ئەنجامی یاریزانە کوردەکانە.

کێشی ٧٤کگم محەمەد فەتاح لەئاستی تازە پێگەیشتوان ٣میدالیای زێڕ و ١زیو و خەڵاتی باشترین یاریزانی وەرگرت لەئاستی تازە پێگەیشتووان.

لەکێشی ٧٤کگم لەئاستی پێشکەوتووان یاریزان کاروان ئەحمەد توانی ٢ میدالیای زیو بەدەستبهێنێت.

لەکێشی ٦٦کگم لەئاستی پێشکەوتووان یاریزان فوئاد فەرهاد ٢میدالیای برۆنزی بەدەستهێنا.

## سۆلاڤ و پێشمەرگەی سلێمانی باڵەدەستی پاڵەوانێتی نیشانە شکێنی یانەکانی کوردستان بوون

لەشاری سلێمانی لەهۆڵی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی نیشانە شکێنی کوردستان، پاڵەوانێتی نیشانە شکێنی یانەکانی کوردستان بۆئاستی کوڕان لەهەردوو جۆری چەکی دەمانچەو تفەنگ بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتەکەشدا هەریەك لەیانەکانی (هەولێر، بروسك، قەڵا، پێشکەوتن، ئاڵا، پێشمەرگەی سلێمانی، ئاشتی، سلێمانی، سەرچنار، نەورۆز، شۆریجە، بابا گوڕگوڕ، سۆلاڤ، کەیوان، سەورە، خاك، سۆلاڤی نوێ، ئاڵتون کۆپری) و بە بەشداری (٥٦) یاریزانی یانەکان کە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی پێشەوە. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

* تیپ-تفەنگ

١- سۆلاڤ ٧٢٣ خاڵ

٢- پێشمەرگەی سلێمانی ٧٠٢ خاڵ

*تاك-تفەنگ

١- یاریزان شاخەوان غەفور یانەی سۆلاڤ ٢٤٦ خاڵ

تیپ-دەمانچە

١- پێشمەرگەی سلێمانی ٧٦١ خاڵ

٢- ئاشتی ٧٠٧ خاڵ

تاك-دەمانچە

١- جەمال عەبدوڵلا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ٢٦٤ خاڵ



## پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی هەولێر بەڕێوەچوو

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری بلیارد لەشاری هەولێر، یەکێتی بلیاردی لقی هەولێر پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی هەولێری ئەنجامدا لەهۆلی وەرزشی ئەکوا پارك، لەپاڵەوانیتیەکەشدا هەریەك لەیانەکانی (قەڵا، ئارارات، ئاڵا، هێرش، ئەکاد، هەولێر، بروسك، پێشمەرگەی هەولێر)بەشداریان کردبوو، لەجۆری تۆپی سنۆکەر لەهەردوو ئاستی لاوان و پێشکەوتووان بۆماوەی چوار ڕۆژی خایاند، یاریزانانی بەشداربووش توانیان ئاستێکی بەرزی یاری بلیارد پێشکەشی ئامادەبووان بکەن و ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

ئاستی پێشکەوتووان

١-یانەی بروسك

٢-یانەی ئارارات

٣-یانەی قەڵا

ئاستی لاوان


١-یانەی هەولێر

٢-یانەی پێشمەرگەی هەولێر

٣-یانەی قەڵا



لەئاستی تاکی یاریزانان، یاریزان ئیبراهیم قادر لەیانەی بروسك پاڵەوانی یاریزانان بوو لەئاستی پێشکەوتووان، لەئاستی لاوانیش یاریزان حوسێن سوارە لەیانەی هەولێر پاڵەوان بوو.



## پاستۆری، گفتوگۆ لەنێوان هیگواین و سان جێرمان بەردەوامە

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین خافێر پاستۆری یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرنسی ڕایگەیاند گفتوگۆیەکان لەنێوان یانەکەی و یاریزانی ئەرژەنتینی گۆنزالۆ هیگواین ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی نەپچڕاوە و بەردەوامە، پاستۆری لەلێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ گوتی: من پێوەندی بەردەوامم لەگەڵ هیگواین هەیە و ئەویش بە بەردەوامی پێوەندی بەلێپرسراوانی یانەی پاریس سان جێرمان دەکات، هیگواین چەندین جار پرسیاری شاری پاریسی لێکردووم و چۆنیەتی خۆگونجاندن لەژیان بەسەربردن لەم شارە.

پێشتر ڕاپۆرتەکان ئاماژەییان بەوەدابوو کە هیگواین بیر لەڕۆیشتن دەکاتەوە لەیانەی ڕیال مەدرید بەتایبەتی کە ڕاهێنەر جۆزی مۆرینهۆ پشت بەیاریزان کەریم بنزیمە دەبەستێت لەپێکهاتەی سەرەکی یانەی شاهانە، لەلایەن خۆیەوە مۆرینهۆ ڕایگەیاند کە ئەو نایەوێت دەستبەرداری هیگواین بێت و ئەو یانەیەی کە ئەم یاریزانەی دەوێت پێویستە بڕی ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ بدات کە مەرجی شکاندنی بۆندەکەی هیگواینە.

یاریزانانی یانەی ڕیال مەدرید لەکاتی ئاهەنگەکانی بەدەستهێنانی نازناوی لالیگا داوایان لەهیگواین کردووە کە لەیاریکردن لەگەڵ یانەی شاهانە بەردەوام بێت.



## ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان تووشی پـ

بان کی مۆن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتی بەشداریکردنی لەیارییەکی تۆپی پێ تووشی پێکان هاتووە لەدەستی چەپەی، وتەبێژی فەرمی ئەمینداری گشتی مارتن نسیرکی ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردەوە و دووپاتیکردەوە کە بان کی مون لەکاتی بەشداریکردنی لەیارییەك لەنێوان دیپلۆماتکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تووشی ئەم پێکانە هاتووە، نسیرکی ئەوەشی ڕاگەیاند ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسووکی دەستی چەپەی شکاوە لەیارییەکانی پاڵەوانییەتی بەهارە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیپلۆماتکاران ساڵانە سازی دەکات.

## کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ شانازی بەیانەی ڕیال مەدرید دەکات

یاریزانی بەناوبانگی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەکۆتایی خولی ئیسپانیا و بەدەستهێنانی نازناوەکە لەلایەن یانەی شاهانەوە بۆ جاری ٣٢ مین لەمێژوودا، کریستیانۆ ئەو ساتانەی کە تیایدا یانەی ڕیال مەدرید نازناوەکەی مسۆگەرکرد بەکاتێکی مێژوویی و پڕ لەخۆشی وەسفکرد، لەمبارەیەوە کریستیانۆ ڕۆنالدۆ بەهاندەرانی یانەی ڕیال مەدریدی ڕاگەیاند و گوتی: ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید یاری دەکەم، ئەم سێ ساڵەش زۆر سەرنجڕاکێش بوو، بەیارمەتی هاندەران بارودۆخەکان زۆر باشتر بوون، ئێستا کاتی خۆشی و ئاهەنگ گێڕانە، ئێمە دەمانەوێ هەردەم لەیارییەکاندا سەرکەوتوو بین.

هەروەها کریستیانۆ ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئاستی یانەی ڕیال مەدرید لەم وەرزەدا بەرزتر بوو لەوەرزەکانی ڕابردوو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە یانەی شاهانە نازناوی لالیگا مسۆگەر بکات و شانازی بەیانەکەی دەکات، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ لەوەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ توانی ٤٦ گۆڵ تۆمار بکات کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانییە لەمێژووی یانەی ڕیال مەدرید، بەڵام نەیتوانی ببێتە گۆڵکەری لالیگا کە بۆ یاریزان میسی بوو بەتۆمارکردنی ٥٠ گۆڵ، لەلایەکی دیکەوە یاریزان کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمارکرد دوای ئەوەی توانی گۆڵ لەسەرجەم یانەکانی خولی ئیسپانیا تۆمار بکات.





## ـــــــێکان دێت




نسیرکی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لەنیویۆرك ڕایگەیاند بان کی مۆن بۆ ماوەی ٦ هەفتە دەستی چەپەی بەهەڵواسراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام کاریگەری لەسەر کارو چالاکییەکانی ئەمینداری گشتی ناکات و بەشێوەیەکی سروشتی لەکارەکانی بەردەوام دەبێت، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە باری دەروونی بان کی مۆن زۆر باشە.

## ڤان گۆڵ وازی لەیاریکردن هێنا

یاریزانی هۆڵەندی بەناوبانگ ڕۆد ڤان نیستەلرۆی بڕیاری وازهێنانی لەیاریکردنی تۆپی پێ دا و ڕازی نەبوو بۆندەکەی لەگەڵ یانەی مالاگەی ئیسپانی تازەبکاتەوە سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ یانەی ناوبراو توانیان پلەی چوارەمی خولی ئیسپانیا بەدەست بهێنن و لەوەرزی داهاتوو بۆ یەکەمجار بەشداری لەپاڵاوتنەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکات، نیستەلرۆی کە پێشتر لەیانەکانی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و ڕیال مەدریدی ئیسپانی یاری کردووە و لەگەڵ هەرسێ یانە نازناوی خولی ئەو وڵاتانە و گۆڵکەری هەرسێ خول بووە، پێیوایە کە ئێستا کاتی وازهێنانە دوای ٢٠ ساڵ یاریکردن.

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نیستەلرۆی گوتی: بەرامبەر یانەی خیخۆن دوا یاریم ئەنجامدا، کاتی ئەوە هات ڕاددەیەك بۆ ژیانی وەرزشیم دابنێم و بەیەکجاری وازبێنم، هەموو توانای خۆم پێشکەشکرد، ئێستاش ئەو توانایەم نەماوە بۆیە ئێستا باشترین کاتە بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە، من شانازی بەهەموو نازناوەکانم دەکەم چ لەسەر ئاستی یانەکان بێت یان لەسەر ئاستی یاریزانان، من لەخۆم ڕازی نابم ئەگەر بەهەمان توانا یاری نەکەم، بۆیە وازم هێنا.

هەروەها نیستەلرۆی گوتی: دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو یانانە بکەم کە یاریم بۆ کردوون، چونکە ئەوانە هەردەم پشتگیرییان لێکردووم، سوپاسی خیزانەکەم و هاوڕێکانم دەکەم، سوپاسی هاندەرانم دەکەم کە بەخۆشەویستی ئەوانەوە بەردەوام بووم.

ڕۆد ڤان نیستەلرۆی ناسراو بەڤان گۆڵ تەمەنی ٣٥ ساڵە و لەساڵی ١٩٩٣ لەیانەی دین بۆش دەستی بەیاریکردن کردووە و دواتر بۆ یانەی ئایندهۆڤن یاری کردووە ئینجا پێوەندی بەیانەی مانچستەر یونایتد کردووە و لە٢١٩ یاری توانیویەتی ١٥٠ گۆڵ تۆمار بکات، لەساڵ ٢٠٠٦ هاتە یانەی ڕیال مەدرید، هەروها بۆ یانەکانی هامبۆرگی ئەڵمانی و مالاگەی ئیسپانی یاریکردووە، بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەنداش ٧٠ یاری نێودەوڵەتی ئەنجام داوە و ٣٥ گۆڵی تۆمارکردووە.



## مانچستەر یونایتد چاوی لەسێ یاریزانی دۆرتمۆندە

دوای ئەوەی یانەی مانچستەر یونایتد لەدوا ساتەکان نازناوی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرای بۆ بەرژەوەندی یانەی مانچستەر سیتی لەدەست دا، سێر ئەلێکس فێرگسۆن بیر لەبەهێزکردنی تیپەکەی دەکاتەوە بۆئەوەی لەوەرزی داهاتوو بەباشترین ئاست بەدیار کەوێت، ڕۆژنامەی دایلی مەیلی بەریتانی ڕایگەیاند ڕاهێنەری شەیتانە سوورەکان چاوی لەسەر سێ یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی داناوە کە توانیان لەگەڵ یانەکەیان هەردوو نازناوی خول و جامی ئەڵمانیا بەدەست بهێنن، سێر بەهیوای ئەوەیە لەهاوینی داهاتوو بۆندیان لەگەڵ مۆر بکات.

ڕۆژنامەکە لەڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند یاریزانی ژاپۆنی شینجی کاگاوا کە یاریزانێکی بەتوانای هێلی ناوەڕاستە ئامانجی یەکەمی ڕاهێنەر فێرگسۆنە بۆئەوەی شوێنی یاریزان پۆل سکۆلز بگرێتەوە، هەروەها یاریزانی هێرشبەری هەڵبژاردەی پۆڵەندا ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی دووەم یاریزانی یانەی دۆرتمۆندە کە یانەی مان یونایتد داوای دەکات بەتایبەتی کە یاریزانی ناوبراو گۆڵکەرێکی بەتوانایە، سێیەم یاریزانیش کە لەیانەی دۆرتمۆند یاری دەکات و مان یونایتد چاوی لەسەر داناوە یاریزانی هێلی بەرگری ماتس هویلمسە کە یەکێکە لەئەستێرەکانی ئەم وەرزەی خولی ئەڵمانیا. ڕاهێنەر سێر ئەلێکس فیرگسۆن لەیاری کۆتایی جامی ئەڵمانیا لەنێوان بروسیا دۆرتمۆند و بایرەن میونیخ لەشاری بەرلین ئامادەبوو بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری ئەو یاریزانانە بکات بەتایبەتی شینجی کاگاوا.



# چوارشەممە هەولێر لەبەردەم ئەرکێکی ق

ڕێبین ڕەمزی

لەچوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی، وا بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە (٥/٢٣) یانەی هەولێر لەنێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لەشاری هەولێر میوانداری یانەی نیڤتچی ئۆزباکستان-ی بکات، ئەم یارییە یەکێکە لەیارییە بەهێزەکانی ئەم قۆناغە.

**هەولێر لەئامادە باشیدایە**

یانەی هەولێر بەشێوەیەکی چڕ و پڕ خۆی بۆ ئەم یارییە ئامادە کردووە و دوایین یاری خۆی لەخولی بژاردەی عێراق بەرانبەر یانەی مەسافی ئەنجامدا، هەرچەندە لەم یارییە ١١ یاریزانی یانەکە یاری نەکرد، کەچی شێرە کوڕانی قەڵای زەرد توانیان سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و پێگەی خۆیان لەپێشەنگی خولی بژاردەی عێراق قایم بکەن بەکۆکردنەوەی ٥٦ خاڵ هەر دوای ئەم یارییە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە پلانێکی تۆکمەیان داڕشت بۆ خۆئامادەکردنیان بۆ یارییەکەی نیڤتچی ڕۆژانە مەشقی خۆیان ئەنجام دەدا، لەم مەشقی ڕۆژانە تێبینی وورەی بەرزی یاریزانان دەکرا بەمەبەستی تۆمارکردنی سەرکەوتن لەم یارییە، چونکە بەپێی سیستەمی قۆناغی ١٦ی جامی یەکێتی ئاسیا تەنیا یەك یاری بەڕێوە دەچێت ئەوەی سەرکەوتن تۆمار بکات دەچێتە قۆناغی ٨ی ئەم پاڵەوانێتیە و لەکاتی یەکسان بوون یارییەکە دەچێتە کاتی زیادکراو.

**یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق گەڕانەوە**

دوای ئەوەی چوار یاریزانی یانەی هەولێر بەهۆی پێوەندی کردنیان بەڕیزی هەڵبژاردەی عێراق لەئۆردوگای مەشقی، کە لەتورکیا بەردەوامە، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو هەریەکە لەیاریزانان مەهدی کەریم و ئەحمەد ئیبراهیم و سەعد عەبدولئەمیر و لوئەی سەڵاح پێوەندییان بەمەشقی یانەی هەولێر کردەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم یارییە، لەهەمان کاتدا یاریزان سەعد عەتیە بۆ ئەم یارییە لەئامادە باشیدایە دوای ئەوەی لەپێکانەکەی گەڕایەوە و بەشداری لەمەشقەکانی یانەکەی کرد و بەهەمان شێوە یاریزان مستەفا ئەحمەد، بەڵام شوان مامۆ تا ئێستا لەپێکانەکەی چاك نەبۆتەوە.

**دەستەی ناوبژیوانی ڤێتنامی یارییەکە بەڕێوە دەبات**

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا دەستەی ناوبژیوانی ڤێتنامی یارییەکە بەڕێوە ببات، کە پێکهاتووە لە(فو مینە) ناوبژیوانی ناوەڕاست و (نەجوین نەجوك ها) یاریدەدەری یەکەم و (نجوین هۆنگ وینە) یاریدەدەری دووەم و (فۆنگ دنە دۆنگ) ناوبژیوانی چوارەمە، سەرپەرشتیاری یاری لەچینە (زی لینگ) و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانان لەوڵاتی هیندە (سانکر).

**کاتی یارییەکە دیاری کرا**

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی کاتی یارییەکی پەسند کرد و بڕیاری دا یارییەکە ڕۆژی چوارشەممە (٥/٢٣) لەیاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری کاتژمێر (٦,٣٠) ئێوارە بەڕێوە بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش











## ـــــورسدایه

دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بڕیاری دا هاتنە ژوورەوە بۆ جەمـــاوەر بەخۆڕایی بێت لەم یارییە.

**جەماوەر یاریزانی ژمارەی ١٢یە**

لای کەس شاراوە نییە کە جەماوەر ڕۆڵێکی بـــاڵا دەبینن لەنێو یاریگە و هەردەم جەماوەر بەیاریزانی ژمارە ١٢ ناســـراوە، بۆیە دەبێت جەماوەری یانـــەی هەولێر لەم یارییە ڕۆڵی باڵای خۆیـــان ببینن و بتوانن بەژمارەیەکی زۆر لەنێـــو یاریگـــە ئامادە بـــن بۆ ئەوەی فشـــارێکی توند بخەنە ســـەر تیپی میوان، چونکە یانەی نیڤتچی لەدەرەوەی یاریگەی خۆی ناتوانێت ئەو ئاســـتە بەرزە پێشکەش بکات کاتێـــك لەنێو یاریگـــە جەماوەرێکی زۆر ئامـــادە دەبن، بۆیـــە دەبێت جەماوەری یانەکەمان ئەم هەلـــە بقۆزنەوە لەنێو یاریگە ئامادە بـــن بۆ ئەوەی یانەی پایتەختەکەمان بتوانێت لەم قۆناغە هەستیارە ڕزگاری بێت و سەرکەوێت بۆ قۆناغی ٨ی جامی یەکێتی ئاسیا.






# کوردستان چۆن خۆی بۆ میوانداری کردنی پێنجەمین پاڵەوانێتی ڤیڤا ٢٠١٢ ئامادە کردووە

وا بڕیـــارە لەســـەرەتای مانگی شـــەش بۆ یەکەم جار لەمێژووی کوردستاندا پێنجەمین پاڵەوانێتی هەرێمە بێ وڵاتەکان (VIVA) لەهەرێمی کوردســـتان بەڕێـــوە بچێت، لەم پاڵەوانێتیـــە تا ئامادەکردنی ئـــەم ڕاپۆرتە ٩ هەرێـــم بەشـــداری تێـــدا دەکات، بۆ ئەم مەبەســـتەش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چەنـــد لیژنـــەی پێکهینـــاوە بـــۆ ئەوەی یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە بەباشـــترین شێوە بەڕێوەبچن و ڕۆژانـــە ئەم لیژنانە کارەکانی خۆیان بەشێوازێکی جوان بەڕێوە دەبەن.

**هەرێمە بەشداربووەکان**

تا ئامادەکردنی ئـــەم ڕاپۆرتە بەفەرمی ٩ هەرێـــم ڕەزامەندی خۆی نیشـــان داوە بۆ ئەوەی لەم پاڵەوانێتیە بەشداری بکەن، ئەویش ســـێ هەرێم لەئاسیا و سێ هەرێم لەئەوروپا و ســـێ هەرێم لەئەفریقیـــا، هەرێمەکانیش بریتین لە(کوردستان، تامیلا ئەیلام، ڕایتیا، زەنجبار، دارفوور، سەحرای غەربی، پرۆڤنس، ئۆکســـتانیا، قوبرس تورکی ) و تا ئێســـتا تیروپشك بۆ دابەشـــکردنی تیپەکان ئەنجام نەدراوە و چەندین شێواز باسکراوە بۆ ئەوەی یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیـــە بەڕێوە بچێت، بەڵام تا ئێســـتا بەفەرمی هیچ شـــێوازێك پەسند نەکراوە.

**(نەورۆز) ئارمی پاڵەوانێتیەکەیە**

لیژنەی بـــاڵای میوانداریکردنـــی پێنجەم پاڵەوانێتی ڤیڤـــا بڕیاری دا (نەورۆز) ببێتە نیشانەی ئەم پاڵەوانێتیە، دەستنیشان کردنی نەورۆز بۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە، کە نەورۆز جەژنی فەرمی کوردســـتانە و سەری ساڵی نوێی کوردیە.

**ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بۆ ئەم پاڵەوانێتیە دەردەچێت**

بـــۆ ئەوەی جەماوەری وەرزشـــی ئاگاداری گشـــت ڕووداوەکانی ئـــەم پاڵەوانێتیە بێت، بڕیاردرا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (ڤیڤا کوردستان) بەسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەربچێت خۆی لەچوار لاپەڕە دەگرێت و بەتیراژی ١٠٠٠ دانەی ڕۆژانە.

**یاریگاکان لەئامادە باشیدان**

هەرچەندە لیژنـــەی بـــاڵای پاڵەوانێتیەکە بڕیاری نەداوە یارییەکانـــی ئەم پاڵەوانێتیە لەچەند یاریگەك بەڕێوەبچن، بەڵام لیژنەی یاریگاکان ئەرکی خۆیان بەباشـــترین شـــێوە ئەنجـــام دەدەن، کاتێك ســـەردانی گشـــت یاریگاکانی کوردســـتانیان کردووە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان بۆ لیژنەی باڵا بەرزبکەنەوە، بـــەڵام ژمارەیەکـــی زۆری لەیاریگاکانی کوردستان ئێستا لەباری نۆژنکردنەوە دایە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە میوانداری یارییەکان بکات.

جێگەی باســـە کوردســـتان بەباشترین شێوە خۆی بۆ میوانداریکردنـــی ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە کردووە و گشـــت پێداویســـتیەکانی دابیـــن کردووە لـــەڕووی ڕیـــکلام کردن و شـــوێنی حەوانـــەوەی تیپـــەکان و هەروەها ئامادەکارییەکی باش کراوە بۆئەوەی جەماوەر پاڵپشـــتی هەڵبژاردەی کوردستان بکات لەم پاڵەوانێتیە گرنگەدا.